# "نوگرەسەلمان لێی نوسرابوو وەیل ناوەکەی بەخۆیەوە بوو دەتووت جەهەنمە"

ئا: عەرعەر



(رەعنا عزیز محمد) لەدایکبووی ١٩٣٣ی گوندی "جەلەمۆرد"ە تا ئێستا لەهەمان گوندا دەژێت و یەکێکە لەو کەسانەی لەگەڵ کۆی کەس و کارەکەیدا بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە و لەدوای ماوەیەکی زۆر بەردراوە، ئێستە لەزاری خۆیەوە کۆی بەسەرهاتەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

دەوری عەسر بوو وتیان حکومەت کیمیایی لە گۆپتەپە داوە، بۆ بەیانیەکەی هەموو خەڵکی گوندەکەمان بەکەلوپەل و حەیوانەکانەوە چووین بۆ چەمێك لەودیو ئاواییەوە ناوی"بابڕشە"یە ، چوار ڕۆژ لەوێ بووین وەختێکمان زانی جێش و جاش گەشتنە سەرمان و گرتمانیان، ئیتر وەك ڕۆژی حەشر گریانی ژن و منداڵ و هاواری پیرو گەنج تێکەڵ ببوو، گەرانمانیانەوە بۆ ئاوایی و زیلی عەسکەری دەوری داین و هەموومانیان برد بۆ "تەق تەق"، ماوەیەك لەوێ ماینەوەو جارێکی تریش کردمانیانە ناو زیلەوە و

بردمانیان بۆ شوێنێکی زۆر دوور، لەڕێگا عەسکەرەکان هەر تەقەیان دەکرد بەسەرماندا، دوای ئەو ڕێگا دوورە هەریەکەو بەقەد ناو لەپێك نانی رەقیان پێماندا، رۆژ زۆری نەمابوو گەشتینە (نوگرە سەلمان). هەموومانیان کردە قاوشێکی گەورەوە، من هەر دەڕشامەوە لە بۆگەنی قاوشەکە یاخوا ئەوەی بەسەر ئێمە هات بەسەر کەسی تر نەیەت، ئەو شەوەش لەوێ بووین و بەیانی کەهەستاین بەو برسێتی و هیلاکیە، یەکی جامێك ئاویان داپێمان کە زۆر گەرم بوو بۆ خۆشوردن ئەبوو، هەندێ سجن لەوێ بوون شتیان ئەفرۆشت باشبوو، هەندێ شتمان لێکڕین  دواتر ئێمەیان خستە ژورێکی ترەوە، ئەو ژورە هیچیان پێمان نەدا، بۆ ڕۆژی دواتر یەکی سەمونێکی ڕەقی بێ خوێیان پێمان دا و بەبێ ئاو هەر بە وشکی خواردمان، عەسکەرەکان ئەهاتنە ناومانەوە زۆریان لێمان ئەدا بەتایبەتی لە پیاوەکان.

(پورە رەعنا) درێژە ئەدات بە قسەکانی و چاوە کزەکانی هەڵدەبڕێ و بەدەنگێکی نیوە گریانەوە دەڵێت "لێرەوە مردن دەستی پێکرد، لەتەنیشت منەوە سێ چوار ژن مردن (ژیانمان زۆر ناخۆش بوو)، ئەو ئاوەی کە ئەیاندا پێمان تامی بەنزینی ئەدا، لەبرساو لەتونێتیاو لەگەرمادا ڕۆژ نەبوو پێنج کەس نەمرێت، بۆ مردوۆکانیش دوای سێ سەعات چاڵێکی بچوکیان بۆ هەڵدەکەندو لەچاڵەکەدا هەندێ خۆڵیان دەدا بەسەریانداو لەدوای ئەوان سەگە رەشەکان دەچوون دەریدەکردو بەبەرچاومانەوە دەیخوارد، ئەو سەگە ئەوەندەی گۆشتی ژن‌و منداڵ خواردبوو بەقەد بەرازێکی لێهاتبوو، گیانێکمان بەجلی مردۆکان بوو دەمانسووتان‌و چێشتمان پێدەکرد، هەتا ئێستاش خواردنم لەبەرچاو کەوتووە".

پورە رەعنا ووتی "لەو ماوە زۆرەی لەوێ بووین هەفتەی یەکجار گەنجەکانیان دەهێنایە دەرەوە، لەو گەرمایەی جنوبدا زۆر پەرێشانی ئاو بووین،  کە دەیانووت ئاو هات هەمووی بەیەکجار رای دەکرد هەبوو لەژێر پێدا دەمرد. ئەوەندە سەیری دیوار و ئەو لمەمان کردبوو وامان دەزانی هەموو دنیا ئاوای لێهاتووە، دەمانووت تۆ بڵێی جارێکی تر سەوزایی ببینینەوە، تووشی زۆر نەخۆشی ببوین هەر پێشیان دەوتین ئێوە سجن نین ماوەیەکی تر سەدام بەرتان دەدات" .

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا دەیانهێشت هەر کەسەو لەگەڵ خێزانەکەی خۆی دابێت ؟

پورە رەعنا پێی ووتین"لە سەرەتاوە دەیانهێشت هەموومان پێکەوە بین، بەڵام ئەهاتنە ناومانەوەو زۆریان لە گەنجەکانمان دەدا، کابرایەکی عەسکەری لێبوو ناوی (حەجاج) بوو، زۆر خراپ بوو کە دەهاتە ژوورەوە جیاوازی منداڵ و گەنج و پیری نەئەکرد، لەهەموومانی ئەدا، کچەکەم خەریکبوو منداڵەکەی دەمرد، کابرایەکی رەشی زل هات و وتی دەهەستە جیا بنەوە دەی"، ئەم پیرێژنە لەگەڵ(٤٨٥)کەسی ژورەکەیدا ماوەی(٧)مانگ لەوێ ماوەتەوەو دواتر بەریانداوە، پێیان وتووە ئێوە بڕۆنەوە بۆ سلێمانی خێر بکەن و چکلێت ببەخشنەوە دڵنیا بن بیست ڕۆژی تر کەسی تێدا نامێنێت، پورە رەعنا دەڵێت "بەخوا بمزانیایە مردووەکانمان ئاوا دەیانکەنە ژێر خۆڵەوە قەد جێم نەئەیەلان".

باسی نوگرە سەلمان بەم جۆرە دەکات و دەڵێ "شوێنێکی وشکەو شاخاوی بوو، خڕنووکەی زۆر لێبوو، زۆر ناخۆشبوو، شوێنەکە لێی نوسرابوو(وەیل) واتە جەهەنم، ناوەکەی هەر بەخۆیەوە بوو دەتووت جەهەنەمە". کەباسی سزادان دەکات لەو دۆزەخەدا دەچێتە باسی پیاوێکی هەڵەبجەیی و دەڵێ "پیاوێکی هەڵەبجەیی بە عامودێکی ئاسنەوە بەستوویانەوە زۆر بە خەستی لێیان دەدا، جارجار بەردەبۆوە هەڵیان دەساندەوە لێیان دەدا تا بێهۆشیان کرد، دواتر بەچوار سەرباز هێنایانە ناو ژوورەکەوە، هەموو گیانی لەخوێندا سوور ببو" .

پورە رەعنا لەدوای ئەو حەوت مانگ ژیانە لەنوگرەسەلمان لەخێزانەکەی جیا دەکرێتەوەو تا ئەم کاتەش بەتەنیا لە خانوویەکی بچوکی ئەو لادێیەدا دەژی کەلێی لەدایك بووە .

لەگەڵ باسکردنی سەدام و دارو دەستەکەیی و دادگایی کردنیان، پورە رەعنا زۆر دڵخۆشە و دەڵێت"ئەوان گەلەکەمانیان قەتلوعام کرد، کەسو کاری نەهێشتن، کوڕ و کچەکانی هەموو زیندە بەچاڵ کرد، خۆزگە عەلی کیمیایش وەکو سەدام ئیعدام بکرایە، چونکە لەسەدام کەمتری نەکردووە".

رەعنا یەکێکە لەو کەسانەی کەلە خێزانەکەیدا بە تەنها ماوەتەوەو دەشڵێت "زۆرترین خێزانی گوندەکەمان کەسیان نەگەڕاوەتەوەو هەموویان تیاچوون"...دوای تۆزێك راوەستان جارێکی تر پورە رەعنا خەیاڵی دەچێتەوە بۆ لای رۆژی بردنەکەیان بۆ نوگرە سەلمان و دەڵێت"لەناو زیلەکاندا ئەوەندە زۆربووین هەموومان بەسەر یەکەوە بووین و

وەخت بوو دەمردم، لەناو هەر زیلێکیشدا چەند عەسکەرییەکی تیابوو، ئەو کاتە بەهار بوو بەو ڕۆژگارە درێژە ئێمە خۆر لێی دەداین، یەکێك دەیووت دەتان بەین بۆ ناو دەریاکە، یەکێکی تر دەیوت ئەتانبەین بۆ ولاتان، هەر یەکەو بەشێوەیەك قسەی دەکرد".

با بزانین دوای ئەو هەموو مەینەتیەی پورە رەعنا ئێستە داوای چی و لەکێ دەکات ؟ ئایا دەکرا دوای بیست ساڵ لەو کارەساتە ئەم پیرێژنە و کەسوکاری ئەنفال کراوەکان چییان بۆ بکرایە ؟

"داواکارم لەهەموو لایەك کەسوکاری ئەنفالەکان لەیاد نەکەن، چونکە زۆر لە رەزالەتا بوون ، ئێستە من تەنیا مەعاشی کوڕەکەمم دەدەنێ، خەڵکی وا هەیە تا ئێستا مەعاشیان نەداوەتێ، گوندەکەشمان تا ئێستا هیچ شتێکی بۆ نەکراوە کە زۆربەی خەڵکەکەی ئەنفالە، هیوادارم بەدەم داواکەمەوە بێن".